# کەوتن

*ماردین ڕەشید*

mardin82@hotmail.com

ئەی ئاشناتر لە خۆم بە من
پێم بڵێ من لە کوێ وون بووم
کەنگێ بوو پەنجەکانم ترازان لە پەنجەی خەونەکانم
ڕوحم لە هەناسەکانی با وەرگرتەوە
لە سەر گردی جوانیەوە گلۆر بوومەوە خوار
پێکانم هەڵخلیسکان لە قەوزەی ووڕێنە و
کەوتمە نێو بیری هەقیقەتەوە
ئەی ئاشنا تر لە خۆم بە من
ئەبێت چیرۆکی ساردی من چی بێت
لە پیاسەکردن بە کووچەکانی تەنهایی زیاتر
من چیم لەو مرۆڤە نووستووە بەدەر
کە چیتر لە ژوورەکەیدا تەنها
گوێ لە سەمفۆنیا هەمیشەییەکانی بێ دەنگی دەگرێت
ئەوانەی مۆسیقا ژەنە مردووەکان
بە ئامێرە ڕزیوەکانی خەیاڵی ئەیژەنن
ئەو مۆسیقا سواوانای
تەنها یادگاریە تۆز لێ نیشتووەکانم
وەخەبەر دێنن
لێم گەڕێ با لە بازنەکەی خۆمدا بخولێمەوە
هەتا گێژبوون
من دۆڕاوم بۆ نایبینیت؟
کەسێکی دۆڕاوم من
دوای ئەو هەموو خەونە فڕینە
دوای ئەو هەموو حەزە کاڵە
کەوتمە سەر زەوی و دۆڕام
منێک لە هەموو کەس تووڕە
لە هەموو شت تووڕە

منێک کە گاهێک زۆرانمەکرد و
کەمجارێکیش بەردم بە چواردەورما تووڕدەدا
بەڵام زۆربەی جارەکان
خۆشاردنەوەم هەڵبژارد
تا وام لێهات ئالوودەی خۆشارنەوەبووم
بێزاربووم لە تووڕەبوون
سەما شێتانە بزێوانەکەی جارانم گۆڕیەوە
بە گوێ گرتن لە سەمفۆنیا مردووەکانی بێدەنگی
بە دەستلەملانێی ترسنۆکی
بە خۆدانە دەست هەناسە خوێناوییەکانی
شەوە تاریکەکانەوە
ئەی ئاشنا تر لە خۆم بە من
ئەی ڕابردووی پڕ ژیانم
پڕ ورێنەم
لەو ئێوارەوە کە گرەویان لەسەر پاکیزەییم کرد
چی تر بە پێ خاوسی پیاسە ناکەم
چون پێڵاوێکی تەنگی زبریان کردە پێم
بۆیە چیتر شوێن پێکانمت لێ وون دەبێت
قورگیشمیان بەخشییە سەگە هەوشارەکان
بۆیە ئەی ئاشناتر لە خۆم بە من
لەمەو بەدوا مەحاڵە گۆرانیەکانم
بۆ دۆزینەوەم ڕێنیشاندەرەت بن